# حساباتەکەی عەبدولباری هەڵدەرچوو



گۆران هەڵەبجەیی

عەبدولباری عەتوان ئەوعەرەبە شۆڤێنزمەیە کە خۆی و ڕۆژنامە ڕووزەردەکەی {القدس العربی}سالآنێکی دوورروودرێژ لە خزمەتی ڕژێمی بەعسدا بوون.رۆژنامەکانی ڕژێمی سەدام و ئەوەی عەبدولباری جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبوو لە وەسفکردن و پیاهەڵدانی سەدام و ڕژێمەکەیدا.ئاخر چۆن ئەوە نەکات سەدام هێندە پارەی بۆ ڕژاندبوو نەك ڕۆژنامە بەڵکو سەتەلایتیشی پێدەبرد بەڕێوە. گەر پارەی سەدام نەبایە کوو عەتوان دەیتوانی ڕۆژنامە دەربکات , بەتایبەت ڕۆژنامەیەك کە خۆێنەرانی نووسەرەکانی‌بن. هەرەسی ڕژێمی سەدام کۆستێکی گەورەبوو بۆ عەتوان وسەرجەم ئەو میدیایانەی‌کە لە لەوەڕگای سەدامدا دەلەوەڕین. پاش لەنێو چوونی دەسەڵاتی بەعس عەتوان و ڕۆژنامەکەی لەسەر هەمان هەڵوێست وهەمان تاس و حەمام بەردەوام بوون . عەتوان تەنها ئەرکێکی لە ئەستۆدایە ئەویش دا کۆکی‌کردنە لە سەدام و عروبە و هێرشکردنە سەر کوردو دەسەڵاتی نوێ ی عیراق و ئەو لایەنانەی کە لە دەمی حوکمرانی سەدامدا لە بەرەی ئۆپۆزشیۆندا بوون. گەر چاوێك بە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەیدا بگێڕین دەبینین زۆربەی ئەوانەی تێیدا دەنووسن وەك خۆی بیردەکەنەوە کەبریتین لە عەرەبە شۆڤێنزمەکان, کۆنە بەعسی, ئیسلامی بە شۆڤێنیەت مووتووربەکراو, چەپی ڕووخاو. هەربۆیەش ئەو نووسەرە عەرەبانەی کە ڕێز لەخۆیان و قەڵەمەکەیان دەگرن دوودێڕ لەو ڕۆژنامەیەدا بلاوناکەنەوە. عەبدولباری لە ڕۆژنامەکەیدا بەردەوام ئەو هەوالانە بلاودەکاتەوە کە هەستی شەقامی عەرەبی پێ دەبزوێ

,بەتایبەتیش سەبارەت بە عێراق کە هەواڵی کارە تەرۆریستیەکان بەشی شێریان بەردەکەوێت. هەرلەم ڕوانگەوە پتر گرنگی بەو بابەت وبۆچوون وپرسانە دەدات کە باس لە کێشەو شکستی و ناکۆکی دەسەڵاتدارانی کوردو عێراقی دەکەن. چونکە بەبۆچوونی خۆی بەم کارانەیگۆڵێك یا چەند گۆڵێك لە دژی بەرامبەردا تۆماردەکات. هەر بۆ ئەم مەبەستەش واتە تۆمارکردنی دەسکەوتێکی چاك بۆ ڕۆژنامەکەی , لە سەرەتای هەفتەی ڕابردوودا وەلە سایدی ڕۆژنامەکەیدا لە ئینتەرنێت ڕاپرسیەکی لەمەڕهەڵبژاردنەکانی عێراق کردەوە . ڕاپرسیەکەش دەڵی:
{چاوەڕێ دەکەیت هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرکەوتووبێت؟}

بەر لەوەی من وەڵامی ئاکامی ئەو ڕاپرسیە بدەمەوە گەرەکە ڕوونیبکەمەوە کە مەبەستی عەبدولباری لەو ڕاپرسیە چیبوو وچاوەڕێی چ ئاکامێك بوو لێی .

بەوەی کە خوێنەرانی و نووسەرانی وڕۆژنامەکەی عەبدولباری زۆربەیان سەر بە هەمان قوتابخانەن, قوتابخانەی هزری عروبە , وای بۆ چووبوو کە سایدەکەیش هەر ئەو جۆرە مرۆڤانە سەردانی دەکەن. وە بە حسابی خۆی ئاکامەکەی بە خواستی عەبدولباری دەبێت و زۆربەیان بە نەخێر وەڵام دەدەنەوە. بەمەش دڵی هاوسۆزانی خۆشدەکات و سەرکەوتنێکیش بۆ خۆی و سایدەکەی وەدەست دێنێت.

وەڵێ ئاکامەکەی بە جۆرێك دەرچوو کە عەبدولباری هەرگیز چاوەڕێی نەدەکرد.
{بەڵێ}کان3, 96٪ بوو بەرامبەر3,7 ٪. ئەمەش شۆکێکی مەزن بوو بۆ عەبدولباری و بۆی هەرس نەکرا . بۆیە هەر بۆ ڕۆژی دوایی ئەو ڕاپرسیەی لەسەر ماڵپەڕەکەی لابرد.

تێبینی/ بەبۆچوونی من مەسەلەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی عێراق وکوردستانیش مەسەلەیەکی ڕێژەییە. ناتەانم بڵێم لە هەموو ڕوویەکەوە سەد لە سەد سەرکەوتووبوون. چونکە زۆر زەحمەتە لەم دۆخەی ئێستادا هەڵبژاردنی سەرکەوتوو ئەنجام بدرێت. دەتوانم بڵێم ئەوەی ئەنجام درا هەنگاوێك بوو بەرەو هەڵبژاردنی پاك و ئازادو سەرکەوتوو لە ئایندەدا.